سەرۆک وەزیران جەختیکردەوە لەسەر گرنگی پاپشتیکردنی پڕۆژەکانی پەیوەست بە پڕۆژەی ڕێگای گەشەپەدان

ئەمڕۆ سەشەممە، محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران جەختی لە گرنگی پاپشتیکردنی پڕۆژەکانی پەیوەست بە پڕۆژەی ڕێگای گەشەپەدان کردەوە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوێکدا لەاویکردەوە" محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران پێشوازیکرد لە شاندێکی کۆمپانیای دارایی نێودەوڵەتی/IFC، بۆ سەرکایەتی جێگری سەرۆکی دامەزراوەکە بۆ کاروباری ڕژهەڵاتی ناوەڕاست، هاڵا شێخ ئوح.

هەروەها وتی" لە کۆبوونەوەکەدا بواڕکان و ئاسۆی هاوکاری نێوان عێراق و دامەزراوەکە خرانەڕوو کە یەکێکە لە دامودەزگاکانی بانکی نێودەوڵەتی، وجەختیشیکردەوە کەحکومەت بەردەوامە لە چاکسازییە ئابووریەکان و ڕۆشنکانی باشترکردنی ژینگەی وەبەرهێنان، هەروەها جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی تایبەت بەزیادکردنی بەرهەمی ناوخۆیی گشتی و پشتگیریکردنی کەرتە نا نەوتیەکان و بەهێزکردنی کەرتی تایبەت.

سەرۆک وەزیران داوای لە کۆمپانیاکە کرد پێیمانگایەکی ڕاهێنان لە عێراق بکاتەوە کە تایبەتێ بە پەرەپێدانی کاری بانکی و ئامادەکردنی مەدێلی ئابووری بۆ پڕۆژەکان و پاپشتیکردنی ڕەوتی کەرتی تایبەتی عێراق لە پێشسازی چیمەنتۆ و کەرەستەی بیناسازییەکان، چونکە لێگۆ دەستپێکردنی کار

لەپرۆژەی شارەزا نوێکان خواست لەسەری زیادبووە، هەروەها پڕۆپەدانی تواناکانی کۆمپانیای گشتی بۆ ئابووری کاربەن کە عێراق کار بۆ دامەزراندنی دەکات.

سودانی جەختی لەگرنگی پاپشتیکردنی پڕۆژەکانی پێویست بۆ پرۆژەی ڕێگای گۆشەدان کردەوە، هەروەها تەواوکردنی گفتوگۆی ئۆو پلانانی ئامادەکراون بۆ نۆژەنکردنەوەی فڕۆکەخانەی نەودەوڵەتی بەغدا، کە لێلایەن کۆمپانیاکە سەرپەرشتی دەکرێن.

لەلای خێیەو، هاتا ڕوحە ئامادەیی دامەزراوەکە بۆ هاوکاریکردنی عێراق لە هەموو بوارەکاندا دەربڕی، هەروەها ڕەتی حکومەتی لە فراوانکردنی چاکسازییەکان و گرتنەبەری ڕێگایەک کە بەشدارە لە کەمکردنەوەی دەردانی کاربەن بەرزنرخاند، ئاماژەدا بۆ بەردەوامی کارکردن بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی نۆژەنکردنەوە و فراوانکردنی فڕۆکەخانەی نەودەوڵەتی بەغدا، و پشتگیریکردن لە گۆشەدانی بەردەوام و پێشخستنی گۆشەی کەرتە ئابووریە جیاوازەکان.